وازیان لێبهێنه ئەی ئەبوبەکر؛ ئەم ڕۆژانە جەژنن، وئەو ڕۆژانە ڕۆژی مینا بوون

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ئەبوبەکر -ڕەزای خوای لێبێت- هاتە ژوورەوە بۆ لای (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) ودوو کچە منداڵی لە لا بوو لە ڕۆژەکانی مینا لە دەفیان دەدا، وپێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بە جلەکەی خۆی داپۆشی بوو، ئەبوبەکر بەگژیاندا چوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پۆشاکەکەی لەسەر ڕووی لادا، وفەرمووی: «وازیان لێبهێنە ئەی ئەبوبەکر؛ ئەم ڕۆژانە جەژنن»، وئەو ڕۆژانە ڕۆژی مینا بوون، عائیشە دەڵێت: پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- منی داپۆشی بوو کاتێک سەیری حەبەشیەکانم دەکرد کاتێک لە نێو مزگەوتدا یاریان دەکرد، عومەر بەگژیاندا چوو، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «»وازیان لێبهێنە؛ ئەی بەنی ئەرفیدە: بە خۆپاراستنەوە یاری بکەن.

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئەم فەرموودەیە ئاسانکاری ولێبوردەی ئەم شەریعەتە دەردەخات، ومەنهەج وڕێبازی پێچەوانەی ئەوەیە کە زۆرێک لە تونـدڕەوەکان لەسـەرین، ئەوانـەی پێیـان وایـە دینـداری دەبێـت وشـک و تونـدوتیژ بێـت؛ ئـەم فەرمـوودەیە ئـەوە ڕوونـدەکاتەوە کە دەف لێدان وهۆنراوە ووتن لە ڕۆژانی جەژن ئاساییە؛ چونکە کچە منداڵەکان بە ئامادەبوونی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەمەیان ئەنجامدەدا وئینکاری کرد لەسەر ئەوانەی ئینکاریان لە کاری ئەم منداڵانە کرد، وهەورەها یاریکردن بە ڕم وهاوشێوەکانی دروست وئاساییە. وحەبەشیەکان حەزیان لە یاریکردن وهۆنراوە ووتنەوە بوو؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕێگەی پێیاندا لەنێو مزگەوتدا یاری بە ڕمەکانیان بکەن، ئەمیش جێبەجێکردنی سیاسەتێکی شەرعی گرنگە، کە لە هەندێک دەستەواژەکانی فەرموودەکە ئاماژەی بۆ کراوە: 1- پەیامێکە بۆ ئەوانەی نەهاتنە نێو ئیسلامەوە -مسوڵمان نەبوون- چونکە دەترسن توند وقورس بێت لەسەریان؛ ئاینی ئیسلام ئاینی ئاسانکاری ولێبوردەییە بەتایبەتیش پەیامێکە بۆ کۆمەڵێک لە شوێنکەوتووانی ئاینەکانی تر، لەوانەش جولەکەکان، کە نەهیان دەکرد خەڵکی شوێنی ئاینی ئیسلام بکەوێت وخۆیشیان لێی دوور دەکەوتنەوە؛ لە هەندێک گێڕانەوەی تردا هاتووە: ئیمامی عومەر نەهی لەو منداڵانە کرد لە نێو مزگەوتدا یاری بکەن، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: (دعهم؛ لتعلم اليهود أنَّ في ديننا فسحة، وأني بعثتُ بالحنيفية السمحة) واتە: (وازیان لێبهێنە -با یاری بکەن-، بۆئەوەی جولەکە بزانن کە لە ئاینی ئێمە -ئاسانکاری- وفراوانی هەیە -بۆ مرۆڤەکان-، ومن نێردراوم بە ئاینی یەک خودا پەرستی -تەوحید- کە ئاینی لێبوودەیی -وئاسانکارییە لەسەر مرۆڤەکان-). 2- یاری کردنیان لە ڕۆژی جەژن بوو، وڕۆژانی جەژن ڕۆژی خۆشی دەربڕین وئاسوودەیین؛ ولە شتە ڕێگەپێدراوەکاندا دەبێت ئاسانکاری وفراوانی هەبێت لەسەر مسوڵمانان. 3- یاری پیاوان زبری وحەماسەت وئازایەتی تێدایە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/10894